# گۆرانی ئاڵام پێشکەشە

بەناوی ئاهورا مەزدا

لەگەڵ گەرمەی دەنگوباسی دژایەتی تورانیەکان، سۆزدەدەم بە کوردستان، بە شەهیدان، کەتا ماوم بژیم بۆکورد. زۆرم پیخۆشە لەم کاتە ناسکەدا لەگەڵ ئازاری گەلەکەمابم. ووتەشم بۆ سەرۆک بارزانی "لەگەڵتاین و سۆزدانیشمان وەک سۆزدانی تۆیە بە بارزانی بۆ هەڵکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە کوردستان، چونکە درێژەدانی هەمان سۆزدانی بارزانی بوو بە پێشەوا قازی موحەمەدی سەرۆک کۆماری کوردستان".

گۆرانی ئاڵام، کە هۆنراوەی هونەرمەندی گەورە کورد، عەبدوڵڵا پەشێو و خۆمە و ئاوازی فۆلکلۆر و موزیکیش لە لایەن هونەرمەندی بەڕێز کاک هێمن حسێن و کاری تۆمارکردنی دەنگ و موزیک لە لایەن کاک ئاکۆی ستودیۆ مێلۆدی ئەنجام دراوە، زۆر سوپاسی هەستی بەڕێزیان دەکەم بۆ هەموو ئەو کارە جوانانەی کە بۆیان ئەنجام دام بەڕاستی ماندووبوونیان جێگەی سوپاس و ڕێزە، وە سوپاسی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ کاراسانی و یارمەتیەکانیان.





ئەم گۆرانیەم پێشکەش بە سەرۆکی نەتەوەیی کورد، سەرۆک بارزانی کە هەمیشە خەباتی کردووە بۆ ڕزگاری کوردستان و بەرزڕاگرتنی ئەم ئاڵا پیرۆزە.

من هۆنراوەی ئاڵام هەڵبژارد چونکە ئاڵای کوردستان پیرۆزترین و جوانترین هێما و نازنامەی کوردستانمەو ئامادەشم کە سەر و ماڵم نەک تەنها لە پێناوی ئاڵاکەمدا، بەڵکو ئەوەشی لە پێناویدا سەر و ماڵی دەخشێ. نموونەشیان زۆرن ئەوانەی کە تا ئێستا نازانن ڕەنگەکان و هیماکانی ئاڵاکەمان چین، بە چاوانمان دەیانبینین ئەوانەی کە ئاڵای کوردستانیان پێیە و نازانن سوور لە سەرێیە یان سەوز؟ هەشمانە وادەزانێت ئاسانە هەڵکردنی ئاڵای ئێراق لە تەکیدا، کە من لە سەرشۆڕی زیاتر هیچ پێناسەیەکی دیکەم نیە بۆ ئەو مرۆڤەی بێ ویژدانانە ئاڵای ئەنفال و بەعس لەتەک ئاڵای کۆماری کوردستان و هێماکانی بزاڤی خۆیبوونەوە دا دەنێن.

لیرەدا حەز دەکەم کە داوای لێبردن لە هونەرمەندی خۆشەویست و گەورەی گەلەکەم عەبدوڵڵا پەشێو بکەم کە بێ پرسی بەڕێزی ئەم هۆنراوەیەم کردووە بە گۆرانی، هیوادارم کە بە دڵە گەورەکەی، لێبردنم لێ قبووڵ بکات.

# ئاڵا

پەشێو



عەبدوڵڵا پەشێو

دۆستەکانم! باش بزانن،
دووژمنانم! باش بزانن،
چەند باوەڕم بە زەردەشت و
بە ئاڤێستا و بە خوا هەیە،
هەزار هێندەش،
باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە!

کوردستان 1970

یەکەمجار ڕۆژی 1971/6/24 لە شاری کۆیێ، لە میهرەجانی حاجی قادردا خوێنراوەتەوە.

# ئاڵا

سەرکان




بێنە! پارچە پەڕۆیەکی سپی سادە
بە ڕەنگی سوور
بەشی سەرووی بنەخشێنە!
بە ڕەنگی سەوز
بنەخشێنە بەشی خوارووی!
لە نێوەندا
بکە خۆری زێڕینی کورد!
ئنجا بڵێ،
سپی و سەوز و سوور و زەردە
ئاشتی و خاک و خوێن و مێژووم

هەولێر / کوردستان 2007/1/23

**درووستبوونی دەوڵەتی کوردی، نە خەونە و نە وڕێنە، ئەوەی بڕواشی پێی نەبێت، یان گێلە یان داگیرکەرە.** پاسۆک


e-mail/ sarkanmusic@yahoo.com | web/ www.sarkan.us | tell/ 1202 812 2 812